میژووی

# کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا

***فــەهـــد گــــردەوانی***

ساڵێکی تر مێژووی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا دەبێتە 50 ساڵ ، ئەو کۆمەڵەیە لە سەرەتاوە وەکو باڵوێزخانەیەک بوو بۆ گەیاندنی دەنگی میللەتی کورد بە جیهاندا. بێجیاوازی بیری سیاسی و ئایینی هەموو خوێندکارێکی کورد لە هەر چوار پارچەکەی کوردستانی لە خۆ کۆ کردبۆ وە تاوەکوپەیمانی جەزائیری 6 ئاداری(3) 1975 ئاشبەتاڵی شۆڕش ، لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا خوێندکاران لە دەورەی ئەو کۆمەڵەیە کۆببۆنەوە بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە کەسەر بەچ بیروباوەڕێکە یا لەسەر چ دیینەکی ئاسمانیە.

لە 10ــ 16 ئابی (8) ساڵی 1956 کۆمەڵێک خوێندکاری کورد کە لە چەند وڵاتێکی ئەوڕوپا دەیانخوێند، لە شاری ڤیزبادن لە ئەڵمانیای فیدراڵی کۆبونەوە و پاش لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژ بڕیاریان دا لەسەر دامەزراندنی (کۆمەڵەی زانستی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا). بێگومان بیرۆکەی ئەو کارە لە لایەن ئەو خوێندکارە کوردانە پەیدا بوو کە لە ناو ڕێکخراوەکانی خوێندکارانی عێراقی و تورکی و ئێرانی کاریان دەکرد و لە باری فکری یەوە پێراگەیشتبوون و دەرکیان بە پێویستی بوونی ڕێکخراوێکی قوتابیانە کرد کە دەبێ کۆمەڵەیەکی سەرتاسەری هەبێت کە هەموو خوێندکارانی کورد و کوردستانی لە خۆی کۆبکاتەوە هەروەکو عێراقی و ئێرانی و تورکی کە ئەوکاتە خاوەنی ڕێکخراوی لاوان و قوتابیانی خۆیان بوون ، تاوەکو ببێتە بنکەیەکی ڕاگەیاندن و کانگایەکی بە تین بۆ ناساندنی میللەتی کورد و کێشەکانی نەتەوایەتی و چینایەتی و جۆرەکانی چەوساندنەوەی کورد کە دووچاری بوە، وە داواکردن لە گەلانی جیهان بۆ کۆمەک کردن لەگەڵ خەباتی ڕەوای دا. ئەو پرۆگرامەی دەستەی دامەزرینەر ئامادەی کرد بوو بۆ کۆنگرەی یەکەم تەواو دەگونجا لەگەڵ خواستی خوێندکارانی کورد لە هەموو بواری نیشتمان پەروەری و نەتەوایەتی و ئەکادیمی دا، ئیتر بەبێ ڕەچاوکردنی بیروڕای ڕامیاری قوتابیانی کوردی لە خۆی گردکردبۆوە .

لە کۆنگرەی یەکەم نزیکەی حەڤدە خوێندکار بەشداریان کردووە کە بەناوبانگەکانیان ئەمانە بوون (دارا تۆفیق...نەوزاد موفتی...عیسمەت شەریف وانلی ... کەمال فوئاد...ئەحمەد عوسمان...نورەددین زازا...شەوکەت عەقراوی...عەبدوڵڵا قادر...ئەحمەدی قازی ...هتد) *مامۆستا کەمال فوئاد لە وتارەکەی {چەند زانیارییەک لە بارەی بزووتنەوەی خوێندکارانی کوردەوە لە هەندەران ل75ـ79 گۆڤاری رابوون ژمارە 18ـ19ساڵی 1996 ئەو ناوانەی نووسیوە > دکتۆر نورەددین زازا تورکیاسوریا ، عیسمەت شەریف وانلی تورکیاسوریا ، ئەحمەد رەسول سوریا، ئەحمەد زەمجی سوریا، دانش عارف سوریا، سەعدی دزەیی عێراق ،دارا تۆفیق عێراق ،*

*یوسف ئەدیب عێراق ، زاهیر حوسێن عێراق ، عومەر رەمزی عێراق ، فوئاد رەشە عێراق ، تەحسین هەورامی عێراق ، تاهیر خەفاف عێراق ، مەحموود کانەبی عێراق ، حەسەن زولفەقار عێراق ، بەدیع قوتب عێراق ، مستەفا قازی ئێران .}*

**کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵە لە 2–4 \ 1 \ 1958 لە لەندەن بەسترا نزیکەی 22 خوێندکاری کورد تیا ئامادە بوون .**

**کۆنگرەی سێیەم لە 4–1958\8\8 لە میونیخ بەسترا نزیکەی 17 خوێندکارتێدا بەشدار بوو. لەم کۆنگرەیدا بڕیار درا ناوی کۆمەڵە بگۆڕدرێت بە {{{ کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا }}} .**

**کۆنگرەی چوارەم لە 23–1959\7\26 لە ڤیەنا بەسترا 40 خوێندکاری تیا ئامادە بوون .**

**کۆنگرەی پێنجەم لە 22–26 \1960\8 لە بەرلینی رۆژئاوا بەسترا 73 خویندکاری کورد تیا ئامادە بوون .** ***کاک کەریمی حیسامی هەردەم زیندوو {{لە لاپەڕەی 125 ی بەرگی دووەمی (لە بیرەوەریەکانم 1957 ـ 1965)کە لە ساڵی 1987 لە ستۆکهۆڵم چاپی کردووە ئاوا دەربارەی کۆنگرەی پێنجەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا نووسیویە > نیزیکەی شێست کەس خوێندکار و نەخوێندکار بەشدار ببون ...رۆژی 22ی مانگی ئوتی 1960 کۆنگرەی پێنجەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئۆروپا بە رەسمی دەستی بەکار کرد لەو کۆنگرە دا دوکتۆر کامران بەدرخان لە پاریسەوە هاتبوو... ئیحسان نوری پاشا لە تارانەوە هاتبوو...کاتێک ئیحسان نوری پاشا وە ژوور کەوت بە سرودی ئەی رەقیب پێشوازی لێکرا.<}}.***

**کۆنگرەی شەشەم لە 21 –1961\8\26 لە موینستر ئەلمانیای فیدرالی بەسترا 109 خوێندکاری کورد تیا ئامادەبوون .**

**کۆنگرەی حەوتەم لە 9-1962\8\15 لە براون شفایک ئەڵمانیای فیدرالی بەسترا 110 خوێندکاری کورد تیا ئامادەبوون .**

**کۆنگرەی هەشتەم لە 9–15 \ 8 \ 1963 لە میونیخ بەسترا 156 خوێندکاری کورد بەشداربوون .**

**کۆنگرەی نۆیەم لە 3–1964\8\9 لە هانۆڤەر بەسترا 183 خوێندکار بەشداربوون .
کۆنگرەی دەیەم لە 17 ـ 22 \1965\8 لە بەرلینی رۆژئاوا بەسترا 133 خوێندکار بەشداریان کرد.**

**کۆنگرەی یانزەهەم لە 26–1966\8\30 لە بەرلینی رۆژئاوا بەسترا 117 خوێندکار ئامادەبوون .**

**کۆنگرەی دوانزە هەم لە 27–1967\12\31 لە بەلگراد بەسترا.**

**کۆنگرەی سیانزەهەم لە 11-16\8\1969 لە بەرلینی رۆژئاوا بەسترا.**

**کۆنگرەی چواردەهەم لە 1-5\8\1970 لە ستۆکهۆڵم بەسترا.**

**کۆنگرەی پازدەهەم لە 15-19\8\ 1972 لە بۆخارست بەسترا.**

**کۆنگرەی شازدەهەم لە 16-20\8\1973 لە بەرلینی رۆژئاوا بەسترا.**

**کۆنگرەی حەڤدەهەم لە 27-31\8\1975 لە بەرلینی رۆژئاوا بەسترا.**

**کۆنگرەی هەژدەهەم لە 5-9\8\1976 لە بەرلینی رۆژئاوا بەسترا.**

**کۆنگرەی نۆزدەهەم لە نیسانی 1987 لە چیکۆسلۆڤاکیا بەسترا.**

**ئۆرگانی کۆمەڵە گۆڤاری {کوردستان}بوو نزیکەی دە ژمارەی به زمانی ئینگلیزی دەردەچوو دوا ژمارەی تەمووزی 1965 بوو. ژمارە یەک بە زمانی عارەبی لە کانوونی یەکەم ساڵی 1958 دەرچوو، وە ژمارەیەک بە ئەڵمانی لە مایسی 1960 دەرچوو. سەرەرای ئەوەش گەلێک بەیانات و بڵاوکراوە لە لایەن کۆمیتەی بەرێوەبەری گشتی و کۆمیتەی لقەکانەوە ناو بەناو بە زمانە ئەوروپیەکان و کوردی و عارەبی دەردەچوون .**

**لە مانگی حوزەیرانی 1966 دا کۆمیتەی بەرێوەبەری گشتی یەکەم ژمارەی گۆڤاری**

**{ پرشنگ}ی دەرکرد کە لە ژێر ناوەکی نووسرابوو(گۆڤارێکی وێژەیی و زانستی و کۆمەڵایەتیە بە زمانی کوردی دەرئەچێت)نووسراوە.**

***مامۆستا کەمال مەزهەر ئەحمەد لە کتێبی (تێگەیشتنی راستی شوێنی لە رۆژنامەنوسی کوردیدا بەغداد1978 لە لاپەڕەی 242 دا نووسیویە - کوردستان – ژمارە یەکی مارتی 1958 ناو بەناو بە چەند زمانێک ((کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا)) بڵاوی دەکردەوە. ژمارە 2 و 3ی لە پۆرتسمۆث و ژمارە 4ی لە لەندەن چاپ کراون . ژمارەیەکی تایبەتی بە زمانی عەرەبی بە بۆنەی بەستنی (کۆنگرەی خویندکارانی عەرەب)ەوە لە ئەوروپا بڵاو کردۆتەوە . هەر لەو ژمارەیەدا نامەیەکی سەرۆک عەبدولناصر بڵاوکراوەتەوە کە بۆ دارا تۆفیقی ناردووە. عومەر رەمزی مەلا مارف و صەلاح سەعدوڵلا و فوئادی صالحی رەشە و زاهیر حسەین و کەمال فوئاد دەوری چالاکیان لە دەرکردنیدا بینیوە. گۆڤارێکی پڕ لە بەڵگە و دەوڵەمەندە. بارستی زۆربەی ژمارەکانی (26 # 20 سم)ە...هەروەها لە لاپەڕە 248 دا دەربارەی – پڕشنگ – ژمارە یەکی حوزەیرانی 1966 لە ژێر ناوەکەیدا نوسراوە ( گۆڤارێکی وێژەیی زانستی کۆمەڵایەتی یە. لە لایەن کۆمەڵەی خویندکارانی کوردەوە لە ئەوڕوپا دەرئەچێت). دوکتۆر کەمال فوئاد سەرپەرشتی دەکرد. تەنها دوو ژمارەی لێ دەرچوو(ژمارە دووی ئابی 1967). دەستەیەک خویندکاری کورد وتار و چیرۆک و شیعری نیشتمانی یان تێدا بڵاوکردۆتەوە. ژمارە یەکی 24 و ژمارە دووی 28 لاپەڕەیە. لە ژمارە یەکیدا 7 و لە ژمارە دوویدا 12 وتار و چیرۆک و هەڵبەست بڵاوکراوەتەوە. دوا لاپەڕەی ژمارە دووی***

*وتارێکی کورتە دەربارەی ئەحمەدی خانی کە بە پیتی لاتینی چاپ کراوە.(24 # 18 سم)ە.*

**کۆمەڵە لە مانگی (کانوونی یەکەمی ساڵی 1962) ەوە بووە ئەندام لە {یەکێتی قوتابیانی جیهان}دا.هەردەم چالاکانە بەشداری فیستیڤاڵ و چالاکیەکانی ئەو یەکێتی یە و یەکێتی لاوانی دیموکراتی جیهان کردووە و دەنگی میللەتی کوردی گەیاندووە بە بەشدار بوان و زانیاری دەربارەی میللەتی کورد بڵاوکردۆتەوە.**

**کۆمەڵە لقی لەو وڵاتانە دا هەبووە { سوید ، ئینگلستان ، فەرەنسا، نەمسا، ئەڵمانیای رۆژئاوا، ئەڵمانیای دیموکراتی، پۆڵۆنیا، بەرلینی رۆژئاوا، چیکۆسلۆڤاکیا، هەنگاریا، یۆگسلاڤیا، بولگاریا، رۆمانیا، یەکێتی سۆڤیەت، ئیتاڵیا، یۆنان، دانمارک}.**

## دابەش بوون

**تاکو پەیمانی جەزائیر 6ی ئاداری 1975 کۆمەڵە تاقە نوێنەری خوێندکارانی کورد بوو لە رۆژی دامەزراندنیەوە واتە هەموو خوێندکارێکی کورد کە هەر بیروباوەڕێکی هەبوبێت یا خەڵکی هەر پارچەیەکی کوردستان ببێت ئەندام بووە تێیدا...هەتا ئەو کاتەش پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق تاقە حیزبی کوردی بوو کە پێشڕەوایەتی شۆڕشی کوردی دەکرد بۆیە بەسەر کۆمەڵەش زاڵ بوو. پاشان لە ساڵی 1976 کە حیزب و رێکخراوی تر دامەزران هەر یەکە لەو حیزبانە مەرکەزێکی خوێندکارانیشی بۆ خۆی دامەزراند و کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا پارچە پارچە کرا.**

**بە ناوبانگترین بنکەکان ئەمانە بوون**

**1- کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ـ مەرکەزی پراگ (ک س س ی)**

**سەر بە حیزبی شیوعی عێراقی بوو**

**2- کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ـ مەرکەزی بەرلین (ک س س ی)**

**سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو**

**3- کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات (ئەکسا)**

**سەر بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو**

**4- یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان (یۆکسی)**

**سەر بە پارتی گەلی دیموراتی کوردستان بوو**

**5- کۆمەڵەی خوێندکارانی سوسیالیستی کورد لە ئەوروپا (سۆکسە)**

**سەر بە پارتی سۆسیالیستی کورد- پاسۆک بوو**

**6ـ كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد لە ئەوڕوپا۔ لقی ئینگلیستان**

**پاشان لەگەڵ ک س س ی مەركەزی پراگ یەكیگرتەوە**

**ئەو پارچە بوونە درێژەی كێشا تاوەكو لە ڕۆژانی 19–21 / 8 / 1988 لە بەرلینی ڕۆژئاوا كۆنگرەی یەكگرتووی مەڵبەندە خوێندكاری یە كوردی و كوردستانی یەكان بەسترا. زیاتر لە 650 ئەندام و میوان لەم كۆنگرەیە بەشداربوون .**

**ئەو كۆنگرەیە لە ژێر دروشمی { با 16 ئادار ، ڕۆژی بۆمباباران كردنی هەڵەبجە ، بكەین بە ڕۆژی جیهانی بۆ قەدەغە كردنی چەكی كیمیاوی وگەشە دان بە هاوكاری لەگەڵ خەباتی گەلی كورد لە پێناوی مافی چارەنووسی و ئاشتی و دیموكراتی دا } بەسترا .**

**2005/9/1 ستۆكهۆڵم**